# خەڵکی ڕوو لە بەکارهێنانی ڤیاگرا دەکەن

## پزیشکێکی دەرمانسازی " بەکارهێنانی ڤیاگرا لەلای گەنجان دەبێتە هۆی لاوازی سێکسی لە ئایندەدا "

ڕاپۆرتی ئیسماعیل عوسمان




شابازی تەمەن ٢٢ ساڵ باسی لەوە کرد لە یەکەم شەوی زاوایەتیدا باری دەروونی زۆر تێك چووە چونکە نەیتوانیوە کاری سێکسی ئەنجام بدات، بۆیە ڕۆشتوەتە لای یاریدەدەرێکی پزیشکی وحالەتەکەی خۆی بۆ باسکردووە و حەبێکی وەرگرتووە بۆ گەشەدان بە توانای سێکسی، بەلاّم سوودی نەبوە، دواتر پارچەیك لە حەبی ڤیاگرای کڕیوەو توانیویەتی زاڵ بێت بە سەر ئەو حاڵەتەدا .

یەکێك لەو دیاردانەی کە ئەمڕۆ دەبینرێت لە ناو دەرمانخانەکاندا بەشێوەیکی نایاسایی فرۆشتنی حەبی (ڤیاگرایە )کە یەکێکە لەو حەبانەی کە بەکار دەهنرێت بۆ گەشەدان بە توانای سێکسی و بە شێوەیەکی گشتی لەلایەن پیاوانەوە بە کاردەهێنرێت و بە تایبەت لەناو پیاوانی بەتەمەندا، هەندێك جاریش گەنجان بەکاری دەهێنن.

بەر بلاّوی ئەم دەرمانە و بە میللی بوونی ناوەکانیان لەناو خەڵکدا و بەکارهێنانی وایکردووە کە لە ناو خەڵکدا بزانرێت. ڤیاگرا چەند کێشێکی جیاوازیان هەیە(٥٠)گم و (١٠٠)گم، بە شێوازی( سپراو پرۆفۆکۆڵ) لە لایەن پیاوانەوە و بە شێوەی قەترەش لەلایەن ژنانەوە بەکار دەهنرێت .

هێرش گەنجێکی ٢٥ ساڵ بوو ئاماژەی بەوەکرد کە هاوسەری گواستوەتەوە و بۆ ماوەی پانزە ڕۆژە نەیهێلاّوە بچێتە لای و بە عەیبی زانیوە کە بەچێتە لای دکتۆر لەسەر پێشنیاری هاوسەرەکەی خۆی و ویستوویەتی حەبی ڤالیۆم وەرگرێت ، بۆیە بەناچاری دەچێتە لای یاریدەدەرێکی پزیشکی بەلاّم ئامادە نابێت کە ئەو حەبەی باتیٚ لە بری ئەوە بنێشتێکی دەداتیٚ کە بیداتە هاوسەرەکی بۆ وروژاندنی سێکسی خێزانەکەی و بەوهۆیەوە زاڵ دەبێت بەسەرکێشەکەیدا

ئەم حەبە لە چەند وولاّتێکی جیاوازدا بەرهەم دێت لەوانە (ئەمریکا و بریتانیا وهیندستان)و لە ڕێگای بازرگانییەوە دێتە کوردستان لە دەرماخانەکانیشدا بە چەندین ناوی‌خواستراوی جیاواز و بەپیٚ خواستی نێوان فرۆشیارو کڕیارەکان داوادەکرێت و دەفرۆشرێت لەوانەش پاراستۆلی شین.

هەندێك کەس کە بەکاری دهێنن توشی حەساسیەتیان دەکات، محەمەدی تەمەن ٤٥ ساڵ کە یەکێك بوو لەو کەسانە

وتـی"کاتێـك کـە ئـەم حەبـەم خـوارد خەریك بوو بمرم و توشی ڕشانەوە بووم و بۆ ماوەیەك بێ هۆش بووم"

حەبسە کە ژنێکی بە ساڵا چوو بوو ئاماژەی بەوە کرد کە پیاوەکەی نەیتوانیوە کاری سێکسی لە گەڵدا بکات بۆیە ڕۆشتوە ئەو حەبەی بۆ کڕیوە بۆ ئەوی بتوانێت بەشێوەیەکی ئاسایی سێکسی لە گەڵدا بکات .

حاجی ساڵح کە پیاوێکی تەمەن ٦٠ ساڵە باسی لەوە کرد کە پارچەیەك لە و حەبە دەکرێت و یەك دانەی لێ بەکاردەهنێت و ئەوانی تری بەنرخی بازاڕ دەفرۆشێتەوە بە پیاوە بە تەمەنەکانی تری هاوڕێی.

بەپێی لێدوانی دەرمانخانەکان و نزیکەی (٦٠٪)ی ئەوانەی کە بە کاریدەهێنن زیاتر پیاوانی بە تەمەنن کە تەمەنیان لە نێوان (٦٠ بۆ ٧٠) ساڵدایە.

پێدەچێت چاولێکەری و ترس و لاوازی سێکسی لە پشت بەکارهێنان و برەودان بەم دەرمانەوە بێت.

شیروان گەنجێکی تەمەن (٢٥) ساڵەیە دەڵێت "ژنی یەکەمم تەلاق داوە بەهۆی نەتوانینی کاری سێکسی لەگەڵیدا، بەلاّم کاتێك زانیوومە ئەو حەبە هەیە کە ژنی دووەمم هێنا پێشئەوەی بیگوێزمەوە ئەو حەبەم کڕیوە بۆ ئەوەی بەکاری بهێنم، بەوهۆیەشەوە توانیومە بەسەر ئەو کێشەیەدا زاڵبم"

(فاروق عەزیز )دکتۆری دەرمانسازی لەو بارەیەوە وتی"ئەم حەبە بەکارهێنانی خراپە ئەگەر بە بەردەوامی بەکاربهێنرێت دەبێتە هۆی سووربوونەوەی پێست و بێ تاقەتی زۆری جەستەی و دەروونی دڵەکوتێ و خێرابوونی لێدانی دڵ و نەخۆشیەکانی گەدەو ڕیخۆڵەی بەدوادا دێت" سەبارەت بە بەکارهێنانی لەلایەن گەنجانەوە وتی"دەبێتە هۆی لاوازبوونی توانای سێکسی گەنجان و هەل ڕەخساندن بۆ نەخۆشیەکانی دڵ لە تەمەنێکی نزیك پیریدا و ئەگەر چەند جارێکش بەکاربهێنرێت لە ڕووی جەستەیەوە زۆر کاریگەری نابێت بە لاّم لە ڕووی دەرونیەوە کاریگەری دەبێت لە کاتێدا کە بەکاری ناهێنیت"

هەروها ئاماژەی بەوە کرد کە لە گەنجاندا ئەگەر لە شەوی یەکەمی هاوسەریدا بەکاربهێنرێت ئەوا گاریگەری خراپیشی لەسەر ئافرەتەکە دەبێت لە ئایندەدا.

(د. فایەق) وتی"لە پیرانیشدا کە بەکاردەهێنرێت دەبێتە هۆی لاوازبونی جەستەی و دەبێتە هۆی نەخۆشی شەکرە و گەدە و لە دەسدانی توانای سێکسی بەبێ بەکارهێنانی ئەوحەبە چونکە لەڕووی دەروونییەوە تێك دەشکێت و ناشتوانێت کاری سێکسی بکات بە بێ بە کارهێنانی ئەو حەبە"


# ئایا هەر نوێژخوێنەکان گرنگی بە کات نایەن

**تافگە خوڕخوڕی - زانکۆی سلێمانی**

کات گرنگییەکی زۆری لە ژیانی هەموو تاکێکدا هەیە بە موسوڵمان و ناموسوڵمان، ڕۆشنبیر و نا ڕۆشنبیرەوە لە ژمارە ((٣٧))ـی گۆڤاری لڤیندا بابەتێك بلاّوکراوەتەوە لەژێر ناونیشانی (( موسوڵمانان گرنگی بە کات نادەن )) و وێنەی کاتژمێری چەند مزگەوتێکی بلاّوکردۆتەوە کە هەریەکێکیان لەکاتێکی جیاوازدا وەستاون.

ئەم وێنەیەش کە دەیبینن وێنەی تاقیگەی کیمیا .. کۆلێژی زانست .. بەشی کیمیایە لە زانکۆی سلێمانی کە لەیەکەم ڕۆژی دەوامی ئەم ساڵەوە هەتا ئێستا لەسەر کاتژمێر چوار وەستاوە و نازانین هۆکاری ئیشنەکردنی نەبوونی پیل یان خراپبوونی مەکینەکەیەتی یان ئەویش لەسەر مافێکی خۆی مانی گرتووە و تا ئێستا بۆی جێبەجێنەکراوە.

بەهەر حاڵ لەسەر هەرچی بێت دەڵێم نەك مزگەوت و موسوڵمانان بەڵکو زانکۆ و فوتابیانیش کە بە سەعات و کاتی دیاریکراو موحازەرەکان دەخوێنن و هەر موحازەرەیەك لە هۆڵێکەوە و بەچەندین کاتژمێر موحازەرە دەخوێنن ئەوە حاڵی کاتژمێرەکەیان بێت، ئیدی بۆ گلەیی لە مزگەوت و موسوڵمانان بکەین کە بەهەر پێنج فەرزەکە وە سەعاتێك لە مزگەوت نابن.




LVEEN ,No (38) .... March .... 2006